www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-4-2007 22:20

ئایا سەرۆکی هەرێم بیری لەوە کردۆتەوە کە سەرۆکایەتی هەرێم سەرۆکایەتی دیوەخان نییەو هەر قسەیێکی ئەو هەزار حسابی بۆ دەکری؟؟؟ ... پیرەمێرد

سەرۆکی هەرێم ناوە ناوە بە گوتارێکی نەتەوەیی دێتەوە سەر گۆڕەپانی دەسەلآت و سیاسەت و بە بیرمان دێنێتەوە کە هەرێمی کوردستان سەرۆکێکی هەیە، لەجیاتیان قسە دەکات و بەرامبەر هەر پرسێکی نەتەوەیی گوتاری هەیە.

تازەترین قەیرانی سیاسی کە سەرۆکی هەرێم دروستی کرد، گوتاری توندو هەڕەشە ئامێزی سەرۆك بوو بەرامبەر بە حکومەتی تورکیا کە دەست لە کاروباری ناو کوردستان وەرنەدات بە بیانووی پاراستنی بەرژەوەندی تورکمان، چونکە ئەویش کارتی 30 ملیۆن کوردی باکووری بەدەستەوەییە دەتوانی بەکاریان بێنی

سەرۆکی هەرێم هەلێکی لەباری لەبەردەمدابوو کە بۆ هەموو لایەك بیسەلمێنی کە جەمال عەبدولناسری کوردەو ئومێدی دواڕۆژی گەلی کوردە لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەگەر بهاتایە ئاوڕێکی خێری لە کەمپی مەخموور بدابایەوەو کەمێك لە مەینەتییەکانیانی سووك بکردنایە، کە رۆژانە سەختترین ژیان بەسەر دەبەن و لە لایەن دەسەلآتی پارتیەوە مامەلەی دەست بەسەریان لە گەلّ دەکری. لە بیر ئاوارەکانی کەمپی مەخموور ناچێتەوە کە چۆن بە درندانەترین شێوە دارو دەستەی سەرۆك لە ئەتروش بەربوونەگیانیان و دەیان شوانیان لە بەر مەر کوشتن و تالآنیان کردن و خیوەتەکانیان سووتاندن و دەربەدەری باوەشی رژێمیان کردن کە ئەو کات لە مەخموور لە لایەن یونسیارەوە جێگایان بۆ کرایەوەو تەنها لە مانگی یەکەم نزیکەی 50 پەنجا کەسیان لە گەرمان و بە هۆی پێوەدانی دوپشکەوە گیانیان لە دەستدا.

لە سەرێکی ترەوە ئایا سەرۆکی هەرێم بیری لەوە کردۆتەوە کە سەرۆکایەتی هەرێم سەرۆکایەتی دیوەخان نییەو هەر قسەیێکی ئەو هەزار حسابی بۆ دەکری و دەبی چاك بیری لێبکاتەوە ئینجا دەریببڕی و قسەیێك نەکا پاشان نەزانی چۆن لێی پاشەگەز بێتەوە ئاخر لە سایەی ئەو گەندەلّیو دزیەی کە خەلّکی بێزارو هەراسان کردووە، هەڕەشە بە کی دەکەی جارێکی کە ئامادە بێ خۆی بەکوشت بداو کورسی و دەسەلآتی ئێوە بپارێزی و پاشانیش پێی بلّێن سەگو بێ شەهامەت. ئایا سەرۆکی هەرێم لەگەلّ چوار پسپۆری بواری ئابووری دانیشتووە، پرسیاری ئاسایشی خۆراکی هەرێمی لێکردوون کە ئێمە ئێستا دیسان لە سایەی ئێوەوە میلەتێکی بەرهەمهێن نین، بەقەد ئەوەی نەتەوەیەکی تەمبەلّی بەکاربەرین، بڕبڕەی پشتی ئابووری ئێمەش ئێستا پشت بەو بازرگانیە دەبەستی کە یا ئەوەتا لەگەلّ تورکیا دەکری یا ئەوەتا ترانزێتەکەی تورکیایە. باشە ئێوە ئامادەن مانگانە دەستبەرداری 350 سێسەدو پەنجا ملیۆن دۆلاری گومرگی ئیبراهیم خەلیل بن. باشە چیتان کردووە بۆ ئەوەی بەیانی ئەگەر تووشی شەڕبووین لەگەلّ تورکیا خۆمانی پێ رابگرین، لە کاتێکدا داوا لە وەبەرهێنی بیانی دەکەن بێ لە کوردستانی ئارام سەرمایە گوزاری بکا، هەرچی سەرمایەی کوردستان هەیە رۆژانە بە تالانی دەبەن و دەیبەنە بانقەکانی دەرەوەو لەوی سەرمایە گوزاری پێدەکەن و ناوە ناوەش سەدان ملیۆن دۆلار دەستی بەسەردا دەگیری و بەخت و خۆرا دەروا. من پێم وایە ئەوقسانەی جەنابی سەرۆك خۆ دزینەوەیە لەو ئەرکانەی کە لەسەر شانییەتی جێبەجێیان بکات لە سووتەمەنی و کارەباو پێداویستیە سەرەکییەکانی ژیانی خەلك.

2007/4/13

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلّاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.